# سەردانی شاندێکی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە بارەگای ناوەندی کۆمەڵە ی زەحمەتکێشانی کوردستان







رۆژی شەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٨٧ شاندێکی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی بەرێز کاك بابەشێخ حسەینی سکرتێری گشتی و هاوریەتی بەرێزان بێهروز ئەردەڵان و سەید کامیل نوورانی فەرد ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بەختیار عەزیزی جێگری کۆمیتەی ناوەندی سەردانی بارەگای ناوەندی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیان کرد و لەلایەن بەرێزان عومەر ئیلخانی زادە، زەرا کەعبی، حسەین شەبەق، حامید کۆنەپووشی، نەوید مێهرئاوەر ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و ئەمیر سەڵواتی جێگری کۆمیتەی ناوەندی پێشوازیان لێکرا.

لە میانەی چاوپێکەوتنی شاندی پایەبەرزی سازمان و کۆمەڵە، کاك بابەشێخ حسەینی پیرۆزبایی گرتنی کۆنگرەی اە شاندی خانەخوێ کرد و لەو دیدارەدا باس لە رەوشی ئەمرۆی کوردستان و ئێران کراو دوو لایەن پێداگریان لە سەر دۆستایەتی و هاوکاری کردوە.